ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
52
25 ی کانونی دووەم /جەنیوەری 2023

لەسایەی دەسەڵاتی چەتەگەری بۆرژوازی کوردەوە، هەژاری و گرانی ژیانی خەڵکی تاڵ کردوە، کاتی ئەوەیە بزوتنەوەیەکی جەماوەری دژی گرانی و نەبوونی خزمەتگوزاریەکان بەڕێ بخرێت!

## وەستانەوە دژ بە گرانی!



موحسین کەریم

بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و کەرەستە خۆراکی و سەرەکیەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵک، ڕاستەوخۆ کاریگەریەکی روخێنەری لەسەر ئاستی بژێوی و گوزەرانی چینی کرێکار و توێژە زەحمەتکیش و کەمدەرامەتەکان داناوە. ئەم دیاردەیە بەتەنها یەخەی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێشی لە کوردستان نەگرتوە، بەڵکو بوەتە دیاردەیەکی جیهانی و لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم جیهانەدا، بەشێکی بەرچاوی خەڵکی بەرەو هەژاری زیاتر و بەرەو برسێتی پاڵ پێوە ناوە. ئەم دۆخە دەرخەری ئەوەیە کە هەرکاتێک قەیران روو لە ئابوری سەرمایەداری دەکات و رێژەی قازانج و سودی کۆمپانیا و دامەزراوە ئابوریەکانی سەرمایەو چینی بۆرژوا کەم دەبێتەوە، هێرش بۆسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش دەست پێدەکات، تا قەرەبووی ئەو کورتهێنانە بکەن و ئاست و رێژەی قازانجی سەرمایە و چینی بۆرژوازی نەک لەجێی خۆیدا رابگرن، بەڵکو بەرزتریشی بکەنەوە. ئامارەکانی قازانجی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وولاتانی سەرمایەداری رۆژاوا بەروونی ئەوە دەردەخات کە هاوشانی دابەزینی ئاستی ژیان و گوزەران و چەقبەستنی کرێی کرێکاران و کارمەندان بۆ چەندین ساڵ، بەلاَم قازانجی سەرمەیاداران و خاوەن کۆمپانیاکان مووشەک ئاسا زیاد دەکات.

بەپێی ڕاپۆرتی دامەزاوەکانی خودی بۆرژوازی لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کە قەیرانی ئابوری یەخەی سیستەمی سەرمایەداری گرتوە، چینی بۆرژوا، باری سەختی قەیرانەکەی بەسەر شانی

بۆ لاپەرە ٢



## ڕەوینەوەی ترس لەدەسەڵات!

عوسمان حاجی مارف

بۆ لاپەرە ٣



## لەیادی مەرگی لینیندا- بژی لینینیزم

مستەفا باهیر

بۆ لاپەرە ٤



## هۆکارو بنەما و ئایندەی ناکۆکیەکانی نێوان پارتی و یەکێتی

گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەوسایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب

بۆ لاپەرە ٦

## نهێنی سەرکەوتنی نارەزایەتی خەڵکی پێنجوین!

عوسمان حاجی مارف

بۆ دوالاپەرە

ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

# درێژەی.....وەستانەوە دژ بە گرانی!

چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشدا شکاندۆتەوە، هەربەو هۆیەوە کری و هەقدەستەکان لەشوێنی خۆیاندا وەستێنراون و هاوکات نرخی کەرەستەکانی ژیان لەهەندێ حاڵەتدا چەند قات زیادی کردوە، کە سەرەنجام گوزەرانی چینە زەحمەتکێشەکان بەرەو خراپی و هەژاری رەها پاڵ پێوەنراوەو قازانجی سەرمایەدارانیش بەردەوام زیادی کردوە. بۆ نمونە لە بەریتانیا ٢٠٪ دانیشتوانەکەی کە دەکاتە نزیکەی ١٤ ملیۆن کەس لەخوار هێڵی هەژاریەوە ژیان بەسەر دەبەن. لە ئەمریکا نزیکەی ٣٨ ملیۆن کەس هەموو رۆژێک روبەروی برسێتی دەبنەوەو تێرسکی خۆیان ناخۆن. لە ئەوروپا ساڵی ٢٠٢١ زیاتر لە ٩٥ ملیۆن کەس مەترسی هەژاری و پەراوێزکەوتنی کۆمەڵایەتییان لەسەر بووە. کە دەکاتە نزیکەی ٢٢٪ ی دانیشتوان. بەپێی راپۆرتێکی تەلەفزیۆنی (CNN)ی ئەمریکی کە لە رێکخراوی (Oxfam)ەوە وەریگرتوە" رێژەی ١٪ ی دانیشتوانی زەوی کە هەرە دەولەمەندەکان دەگرێتەوە، لە ماوەی دووساڵی رابرووددا، دوو ئەوەندەی ئەو باقی خەڵکی سەرزەوی داهاتیان هەبووە. واتە ئەوان سامانەکەیان بوە بە ٢٦ تریلیۆن دۆلار، لەکاتێکدا سامانی ٩٩٪ دانیشتوانی زەوی تەنها ١٦ تریلیۆن دۆلار بووە." هەر لەو راپۆرتەدا هاتوە: "ئەوانەی کە سامانیان کەمە بەسەختی ژیان بەرێ دەکەن. یەک ملیار و ٧٠٠ ملیۆن کرێکار لە و وولاتانەدا دەژین کە رێژەی هەڵاوسان لە رێژەی زیادبوونی مووچە زیاترە!" هەروەها بەرێوەبەری رێکخراوەکە دەڵێت:" لەکاتێکدا خەڵکی ئاسایی دەبێ دەستبەرداری هەندێ لە پێداویستیە زەورییەکانی ژیانیان بن، کەچی هەرە دەوڵەندەکان خەونە سەیرو سەمەرەکانیان هاتوتەدی! ئەو دوو ساڵەی رابردوو ئەم سەدەیەی گۆڕی بۆ باشترین کات بۆیان!" بەهۆی ئەوەی کە عێراق و کوردستانیش بەشێکن لە کۆمەڵگای جیهانی سەرمایەداری و دەسەڵاتی چینی بۆرژواز بەسەر ژیان و گوزەران و موقەدەراتی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشدا حوکم دەکات، شکاندنەوەی باری قەیرانە ئابوری و سیاسیەکانی سیستەم و دەسەڵاتی سەرمایە بەسەر شانی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتدا، بەهەمان یاسا بەرێوەدەچێت. بەڵام خاسیەتی میلیشیایی و چەتەگەرێتی ئەم دەسەڵاتەی بۆرژوازی چ لە عێراق و چ لە کوردستان، بوعدێکی خەتەرناکتری داوە بەو هێرش و فشارە بۆسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک. لە کوردستان و عێراق، خودی دابەزینی بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر بە دۆلار لەلایەن بانقی ناوەندی عێراقەوە، نزیکەی لە ٢٠٪ ی مووچەو کری کە بەدینار دەدرێن هێنایە خوارەوە. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەوەی زۆربەی کەرەستە سەرەتایی و بنەرەتیەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵک لە دەرەوە و بە دۆلار هاوردە دەکرێ، ئەوەش بارێکی قورستری خستە سەرشانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و نرخی کاڵاکان بە رێژەی ٢٠ تا ٢٥ ٪ چوونە سەرا! بەمەش واتە ئاستی بژێوی خەڵکی کەمدەرامەت ٤٠-٤٥٪ هاتەخوارەوە. سەرەرای ئەوەش نرخی کاڵاکانی ناوخۆش بەرزبوونەوە. بەڵام کرێی کرێکار و مووچەی کارمەندان و مووچەخۆران نەک زیادی نەکردوە، بەڵکو ٢٠٪ بەهاکەی لەدەستداوە. لەپاڵ ئەمانەدا بەرزبونەوەی نرخی سوتەمەنی و گازو بەنزین و کارەبا و..تاد. بەتەواوی سفرەی خەڵکی چۆڵکردووە بەشێکی یەجگار زۆری خەڵکی کوردستانی بۆ خوار هێڵی هەژاری پاڵ پێوەناوە.

ئەم دۆخە فشارێکی یەجگار زۆری لەسەر چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش و کەمدەرامەت داناوەو بەرێکردنی رۆژەکانی ژیان بوەتە کاریگی سەخت و ماندووکەر کە لە توانای تەحەمولکردندا نەماوە.

لەکاتێکدا سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکانی نزیک و سەربە حزبەکانی دەسەڵات و حاشیەکانیان لەسەر بلۆکی دۆلار دانیشتوون. ئەم دۆخە ناکری بەردەوام بێت. ناکری خێزانە کرێکاری و کەمدەرامەتەکان بەدیار برسێتی مناڵەکانیانەوە دابنیشن و لەولاشەوە مشتێک تالانچی سیاسی و هاوبەشەکانیان لە تالانکردنی سامان و داهاتی کۆمەڵگاو داتەکاندنی گیرفانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش ژیانی شاهانە بژین. کاتی ئەوەیە چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و کارمەندان و مامۆستایان و خانەنشینان و باقی فەرمانبەران دەست بکەن بە قورگی تالانچیەکاندا و پاروی دەمی خۆیان و مناڵەکانیانیان لێ بستێننەوە. کاتی ئەوەیە کە بزوتنەوەیەک دژی گرانی و نەبوونی خزمەتگوزاریە بنەرەتیەکان بەرێ بکەوێ!

★

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
oct.1917@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی :
عوسمانی حاجی مارف
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email:
Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی:
خەسرەو سایە
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
رێکخراوی دەرەوە:
دەشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

# ڕەوینەوەی ترس لەدەسەڵات!

عوسمان حاجی مارف

هەوڵدانی ئەو دەسەڵاتە سیاسیانەی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا ڕێگای ئەوپەڕی توندوتیژی و سەرکوت و درندەیی دەگرنە بەر، هەروەها هەرچی تواناو ئیرادەو ئومێدی خەڵکە دەیکەنە ملکەچی هێژمۆنی عەقیدەو سیاسەتەکانی حزبێک، هێزێکی سیاسی، بنەماڵەیەک، کەسایەتیەک، یا هێزێکی مافیا ئاسا وەک باڵ و ڕەوتێکی بۆرجوازی...کە بۆخولقاندنی ئەو دۆخ وهەلەیە تاپێگەی دەسەڵاتی هێزەکانیان بۆ بە دەستهێنانی زۆرترین قازانج لە ناو بازاڕی سەرمایەداری جیهانیدا جێگایان بێتەوە.

ئەم جۆرە دەسەڵاتانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی جۆرەها دامودەزگای داپڵۆسێنەوە لە پانتاییەکی فراواندا، بێئیرادەکردنی جەماوەری کرێکاران و زەحمتکێشان وەها نائینسانی و بە بەرنامە دەسەپێنن، کە ڕێگای ڕزگاربوونی خەڵک لەو هەلومەرجەدا دەکەنە ئەفسانەیەک لە ئاسۆی دانیشتوانی ئەو وولاتەداو ژیانی خەڵک دەخەنە بەر دۆخ و چاوەڕوانیەک، کە کەسەکان وەها بیرکەنەوە، مەگەر فریادڕەسێک، موعجیزەیەک، کارەساتێک کۆتایی بەو کابوسەی سەر سەریان بهێنێت، یان دۆخێک دەخولقێنن کە خواستی ئازادی سیاسی و ڕزگاری دەچێتە جێگای ئامانجی بزوتنەوەی یەکسانخوازیەوە!.

ئەم جۆرە دەسەڵاتانە قێزەوەنترین دۆخی مەترسی و دڵەڕاوکێ دەخولقێنن و قەبوڵکردنی هەژاری و برسیەتی دەکەنە ژیانی نۆرماڵی ڕۆژانەی زۆرینەی دانیشتوانی وولاتەکەیان. ئارامی و ئاسودەیی بۆ خەڵکی دەبێتە ئومێدێک خەونی پێوە دەبینن و ڕێگای ڕزگاریش تا ئەو دەسەڵاتە نەگریسە لە ژیاندا مابێت، تەنها هەڵاتن و کۆچکردن و ئاوارەییە. ئەم واقعیەتەش لە نێو پەیوەندیەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری جیهانیدا نەک هیچ پەرچەکردارێکی عەمەلی بۆ نیشان نادرێت، بەڵکو وەک پێداویستیەک بۆ پاراستنی پەیوەندی کارو سەرمایە مەقبولیەتی هەیەو وەک بەشێک لە پێداویستی دەسەڵاتی چینی بۆرجوازی بیدەنگی لێکراوە.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران نمونەیەکی بەرجەستەی ئەو جۆرەیە لە دەسەڵاتی سیاسی کە چل ساڵ زیاترە کورەی دۆزەخی بۆ جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و ئازادیخوازان گرتێبەرداوەو ناوبانگی دەرکردووەو ناونراوە دەسەڵاتی سێدارە! ئەم دەسەڵاتە بە بەکارهێنانی عەقیدەی ئیسلامی و هێزی چەکدارو تەواوی پێکهاتەو دامودەزگاو ڕێکخراوەکانیەوە، گەورەترین مۆتەکە و کابوسێکی سەرسەخت و مەترسیدارە کە جگە لە دانیشتوانی ئێران ناوچەکەشی بە ئاشکرا ئاگر تێبەرداوە. لەهەمانکاتدا لەم چلوسێ ساڵەشدا لە نێو پەیوەندیەکانی بازاڕی سەرمایەداریدا کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەموو ناشرینی و ڕیسوابونێکەوە جێگاو ڕێگای تایبەتی و پێویستی خۆی هەبووە بۆ پاراستنی هێزی کاری هەرزان لە ئاستی دەوڵەتانی جیهاندا.

ترس لە دەسەڵات بە جۆرێک دەکەنە واقعیەتێک و فەزای کۆمەڵگە، کە دەبیستین لە نێو خەڵکیدا چەندین دەستەواژەی ئاگادارکردنەوە دەوترێت "دارو دیوار گوێیان هەیە"، "دڕواسێ خەبەر لە دڕواسێ ئەدات"، "پێویستە لە هەموکەس بترسیت و بڕوات بە برای خۆشت نەبێت!" بە مانایەک پەیوەندی دۆستانەو هاوکاری نێوان ئینسانەکان بەجۆرێک دەشێوێنرێت، بەزەحمەت نارەزایەتیەکان دەچێتە سەر ڕەوتی ئامادەیی و هاودەنگی و یەکریزی و ڕێکخستن. هەر بۆیە ماوەیەکی زۆر تا ئەوکاتەی نارەزایەتیەکان ڕێگای هێز کۆکردنەوە دەگرێتە بەرو فراوان دەبێتەوە، چاوەڕوانی لە فریادڕەسێک یا موعجیزەیەک حاڵەتێکی نەگونجاوو نەرێنی دۆخی نارەزایەتیەکان دەبێت. کۆمەڵگەی ئێران چلوسێ ساڵە گیرۆدەی دەسەڵاتێکە وەک ئەختەبوت خۆی کێشاوە بەسەریانداو بەری هەوای پاکی لێگرتون و یەکریزی چینە نەدارەکانی پەرش و بڵاوە پێکردووە.

ئەم ئەختەبوتە دەبێت پارچەپارچەبکرێت و لە ڕێگای هێزی واقعی نارەزایەتی جەماوەری ناڕازی ژنان و کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازانەوە کۆتایی پێبهێنرێت، چونکە چاوەڕوانی لە فریادڕەس و موعجزە، وەلانان و گۆڕینی ئەختەبوتێکە بە ئەختەبوتێکی تر.

پاکردنەوەی ئەم جۆرە دەسەڵاتانە بە خۆی و پێکهاتەو بۆچونەکانیانەوە لە هەر شوێنێکی دنیادا تەنها لەڕێگای خەباتی جەماوەریەوە دەبێتە هەلومەرجێکی شۆڕشگێرانە کە ترس لە بەرامبەر دەسەڵاتدا پێچەوانە دەکاتەوە. واتە دۆخی ترس لە دەسەڵات دەگۆڕدرێت بەترسی دەسەڵات لە جەماوەری ناڕازی. ئەو نارەزایەتیانەی کە چوارمانگە لە ئێراندا نمایشدەکرێت، پێش هەموو شتێک ئەوەمان نیشان ئەدات بەلای جەماوەری نارازیەوە، دوای چلوسێ ساڵ لە ژیانی خەفەقان، بە پێشڕەوی ژنان و بە ڕۆڵی کرێکاران و خەڵکی هەژارو ئازادیخوازان، ترس لە دەسەڵات بەرادەیەک چۆک دانادات بە خەڵکی نارازی، کە بە هەر ئاست و شێوازێک، بۆیان گونجاو بێت ڕێگایەک پەیدا دەکەن تا گورز

بەدوای گورز بە دەسەڵاتدا بکێشین و پاشەکشەی پێبکەن.

بەڵانسی ئێستای نارەزایەتیەکانی جەماوەری ئێران گەر بەوە بناسینەوە کە ترس لەم ئەختەبوتە تا رادەیەکی ئەرێنی و گونجاو رەویوەتەوە، لە هەمان کاتدا ئەو رێگایانەش کە لەم هەلومەرجەدا بەم شێوە فراوانە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زیاتر دەیگرێتەبەر لە توندوتیژی و ئەشکەنجەو سێدارەدان، پێویستە رۆشن بێت بۆمان کە رەنگدانەوەی ترسی دەسەڵاتە لە ئایندەیەک کە لە فراوان بونەوەی زیاتری نارەزایەتیەکان و بەردەوامی لە هاویشتنی تەواوی گورزەکاندا بەرەورووی بۆتەوە. ئیتر کۆماری ئیسلامی بۆی ناکرێت و ناتوانێت دەسەڵاتی سیاسی بە قازانجی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری بپارێزێت. هەروەها ئیتر عەقیدەکەشی بۆ ئەو مەبەستە پولێکی قەڵب ناکات. واتە ئەم دۆخە ئەوەمان نیشان ئەدات نەمانی ترس لە دەسەڵات و بەردەوامی نارەزایەتیەکان لە هەر ئاست و شێوازێکدا بێت هەنگاوێکی لە پێشە بۆ هاتنە مەیدانی رابەرانێک کە بتوانن لە ئامادەکردن و بردنە پێشی ئاستی نارەزایەتیەکاندا، رۆڵی رێکخستن و چونیەتی بەهێزکردنی هەنگاوە عەمەلیەکان بگێرن و هەژمونی و سەربەخۆیی ئیرادەی جەماوەر لە پێکهاتنی دەسەڵاتی سیاسیدا بنەمای هەر هەنگاوێکی عەمەلی و شۆرشگێرانەیان بێت.

سەرکەوتنی شۆرش لە ئێراندا دنیا دەخاتە دۆخێکی تازەوە کە پێش هەموشتێک پاشەکشە بە نەخشەو دارشتنی بەرنامەی ترس لە دەسەڵات دەخاتە بەردەم پاشەکشەیەکی گەورەوە.

★

# لەیادی مەرگی لینیندا- بژی لینینیزم

مستەفا باهیر

٩٩سال بەرلەئێستا و لە رۆژێکی وەک ئەمرۆدا (٢١ / ١ / ١٩٢٤) مرۆڤایەتی بەگشتیو بزووتنەوەی کرێکاری بەتایبەتی، زیانێکی گەورەی لێکەوت، بەهۆی ژیان لەدەستدانی رابەری مەزنی چینی پرۆلیتاریا، هاوڕێ "ڤلادمیر ئیلیچ ئولیانوڤ" ناسراو بە " لینین".

لینین ژیانی تەرخان کرد بۆ خەباتکردن لە دژی نیزامی سەرمایەداریو بەدەستهێنانی دونیایەکی باشتر و بە دەسەڵات گەشتنی چینی کرێکار. لینین دەستی بۆ دەسەڵات بردو ئەو مەیلەی خستە لاوە، کە سۆسیالیزمیان بە ئایندە دەسپاردو پێیانوابوو سۆسیالیزم خۆی رۆژێک دێت و سەوزدەبێت! لینین هەمیشە دەیووت ئەرکی کۆمۆنیزمە کە دەسەڵات بگرێتە دەست . لەرووی کرداریەوە ئەمەی کرد و لە ئۆکتۆبەری ساڵی١٩١٧دا توانی رابەرایەتی شۆرشێکی مەزنی مێژوویی لە روسیا بکات و دەسەڵات رادەستی شوراکان بکات. سەرکەوتنی ئەم شۆرشە تەنها لەبەرژەوەندی خەڵکی هەژاری روسیادا نەبوو، بەڵکو خزمەتێکی گەورەی بە سەرجەم مرۆڤایەتی کرد، کە کاریگەریەکانی تا ئەمرۆش دیارە. ژیانی ملیۆنان ئینسانی لە کوشتار رزگار کرد بەهۆی هاتنە دەرەوەی روسیا لە بەرەی هاوپەیمانانادا لە جەنگی جیهانی یەکەمداو پاشانیش راگرتنی جەنگ و بەستنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئەڵمانیادا. لینین بوە هۆی ئاشکراکردنی پەیماننامەی (سایکس – بیکۆ) و ماهیەتی ئەم جەنگە ماڵکاولکاریەی بۆ بەشەریەت روونکردەوە.

لینین دوایب تەواوکردنی خوێندن رووبکردە کاری شۆرشگێرانەو لەشاری (پیترۆگراد) دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لە مارکسییەت. بەهۆی کاری شۆرشگێریەوە لە ٧ /١٢/ ١٨٩٥ بۆ ماوەی ساڵێک دەستگیر دەکرێتو بۆ (سیبیریا) دووردەخرێتەوە. لە مانگی ئەپریلی ١٨٩٩ کتێبی (گەشەی سەرمایەداری لە روسیا) بڵاودەکاتەوە. لەگەڵ کۆتاییهاتنی ماوەی دوورخستنەوەکەشی لە سیبیریا لە ساڵی ١٩٠٠ گەشتێکی بە روسیاو ئەوروپادا کرد. لەوێ چاوی بە زۆرێک لە شۆرشگێرە روسەکان کەوت. هەرئەو ساڵە بە یارمەتی هەندێ لە هاورێکانی توانی بڵاوکراوەیەک بەناوی ئایسکرا دەربکات.

لینین ئەندامێکی چالاکی حزبی سۆسیال دیموکرتی روسیا بوو. کاتێک لەساڵی ١٩٠٣ ئەم حزبە دەبێت بە دووبەشەوە، لینین رابەرایەتی بەلشەفیەکان دەکات. لە شۆرشی ساڵی ١٩٠٥ لینین رابەرایەتی بەلشەفیەکانی دەکرد لە مۆسکۆ . لە دوای شکستی شۆرش، پۆلیسی قەیسەری شاڵاوێکی دڕندانەی کردە سەر شۆرشگێڕانو ژمارەیەکی زۆریان راپێچی زیندانەکان کران و لە سێدارەدران. هەربۆیە بەلشەفیەکان بەهۆی ئەو باروودۆخەوە "لینین" یان گەیاندە فینلاندا و لەوێ نیشتەجێ دەبێت. پاشان رووی کردە ئەوروپاو لە کۆتاییدا لە زویرخ نیشتەجێ دەبێت تا کاتی گەرانەوەی بۆ روسیا.

لینین لەکاتی روخاندنی قەیسەردا لە سویسرا بوو. هاورێکانی چەند نەخشەیەکیان دانا تابگەرێتەوە بۆ روسیا، بەڵام یەک لە دوای یەک شکستی خوارد، تا لە رێگای ئەڵمانیاوە بە شەمەندەفەرێکی فارگۆن داخراو، لە ٣ی نیسانی ١٩١٧دا گەشتەوە روسیا. لە لایەن جەماوەرێکی زۆرەوە پێشوازی لێکرا. رۆژی دووهەم، واتە ٤ / ٤/

١٩١٧ لینین راپۆرتێکی نوسراوی دەربارەی بیرۆکەکانی خۆی پێشکەش بە رابەرانو کادرانی حزب کرد، کە بە (تێزەکانی ئەپریل) ناسراوە. رۆژی ٧ی نیسان لینین لە رۆژنامەی پراڤدا بیرۆکەکانی کە هیچ کەس مۆری خۆی لێ نەدابوو، بە ناوی خۆیەوە بڵاو کردەوە.

لینین لەگەڵ ئەندامانو هەڵسوڕاوانی کرێکاری لە پێترۆگراد کەوتە قسەکردنو گێرانی کۆرو سیمینار. هەواداریەکی زۆری لە رێکخستنەکانی حزب هێنا بەلای بۆچونەکانی خۆیدا. بۆیە داوای لە حزب کرد، کە لە زووترین کاتدا کۆنگرە بگرێت. لە رۆژی ٢٤ ی نیسان تا ٢٩ ی نیسان حزب گونگرەی بەست. لەم کۆنگرەیەدا ١٤٩ نوێنەر کە نوێنەرایەتی٧٩ هەزار کەسیان دەکرد بەشداربوون. لە کۆنگرەدا بیرۆکەکانی لینین گەورەترین سەرکەوتنی بەدەستهێنا. ئەوانەی کە دژ بە بۆچوونەکەی لینین بوون، تەنها ٧ دەنگیان بەدەست هێنا. لەلایەکی ترەوە ئەو بەڵێنانەی حکومەتی کاتی کە دابووی بە جەماوەری زەحمەتکێش بۆی جێبەجێ نەدەکرن. جەنگ بەردەوام بوو. زەوی لەلایەن دەرەبەگەکانەوە هەر داگیر کرابوو. باری ئابوری زۆر گران بوو، نان بە گرانی دەست دەکەوت. رۆژانە کرێکاران پەیوەست دەبوون بە بەلشەفیەکانەوە و لە ناو شوراکاندا رێک دەخرانو لەسەر بەکارهێنانی چەک مەشقیان پێدەکرا.

تروتسکی بۆچونەکانی لەگەڵ لینین یەکی دەگرتەوە و دەبێت بە بەلشەفی.، لەگەڵ لینین خۆشەویستترین کەسانی گەرەکە کرێکاریەکان بوون. ئەوان ئیستا هیزێکی چەکداری مەشقپێکراوی ئامادە بەکاریان هەیە. حکومەتی کاتی ئەم هێزەی بە مەترسی دەبینی بۆسەرخۆی، بۆیە لە مانگی تەممووزدا بەناوی سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران هێرشی کردە سەر بارەگای بەلشەفیەکان و بارەگاو رۆژنامەکانی داخستن و ژمارەیەک لە رابەرانی گیران، یەکێک لەوانە ترۆتسکی بوو. هەرچەندە حکومەتی کاتی زۆر بەدوای لینیندا دەگەڕا، بەلام بەلشەفیەکان توانیان لینین دەربازبکەن و بیگەیەننە فنلاند. لینین بۆ ماوەی ١١١ رۆژ لە ٦ / ٧ / ١٩١٧ تا ٢٥ / ١٠/ ١٩١٧ لە فنلاند مایەوە، لەم ماوەیەدا لینین توانی کتیبی (دەوڵەتو شۆرش) بنووسێت.

لە کۆتایی مانگی ئابدا سەرمایەداران و دەربەگەکان هانی سوپای روسیایان دەدا تا کودەتایەکی سەربازی بکەن و حکومەتی کاتی بروخێنن، بەڵام بەهاوکاری بەلشەفیەکان و شوراکان تونرا ئەم کودەتایە شکست پێبهێنرێت. دوای ئەوەی بەلشەفیەکان لە شوراکاندا بون بە زۆرینە، لینین لە مانگی ئەیلولدا داوای راپەرینی دەکرد. چەند نامەی نارد بۆ کۆمیتەی ناوەندی، بەڵام نامەکانی پشتگوێ دەخران. تا وای لێهات لینین نامەیەکی توندی نوسی بۆ کۆمیتە ناوەندیو داوای وازهینانی کردبوو لە ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی. وتبوی پەنا دەبات بۆ رێکخستنەکانی حزب و بۆ بەستنی کۆنگرە. کۆمیتەی ناوەندی ناچار بوو لە رۆژی ١٠ /١٠/١٩١٧ کۆبونەوەیەک بۆ ئەندامانی کۆمیتە ناوەندەی سازبکات، لە کۆی ٢١ ئەندامی کۆمیتە ناوەندی ١٢ ئەندام ئامادەبوون . لینین باسی نەخشەکارەکانی خۆی کرد بۆئەوەی کە راپەرین ئەنجام بدەن. کۆبونەوەکە دە(١٠) کاتژمێری خایاند، لە کۆتایدا نەخشەکارەکە خرایە دەنگدانەوە. دە (١٠) ئەندام رازی بوون و دوو ئەندامیش موخالیف بوون، کە هەریەک لە کامنیف و زینۆڤیف بوون. لەم رۆژەدا نەخشەکاری راپەرین دانراو لە رۆژی ٢٥ی ئۆکتۆبەر بەلشەفیەکان توانیان دەسەڵات رادەستی شوراکان بکەن. دوای ئەوەی شوراکان یەکەمین حکومەتی خۆیان پیکهێنا . لینین بوو بە یەکەم سەرۆکی ئەو حکومەتە.

لە ٣٠ / ٨ / ١٩١٨ لە کاتیکدا کە لینین کۆبوونەوەی بە کرێکارانی کارگەیەک دەکرد، لەکاتی هاتنە دەرەوەیدا لە لایەن کچێکەوە بە ناوی ( فانیا کابلان) لینین دەداتە بەر دەستڕێژی گولە. سێ فیشەک بەر لینین کەوت. ئەمە بوە هۆی تێکچونی باری تەندروستی. لە ئایاری ١٩٢٢ لینین توشی یەکەم جەلتەبوو، لای راستی توشی شەلەل کرد. لە مانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا توشی جەلتەی دووهەم هات. مەکتەبی سیاسی بریاریاندا کە لینین دانیشێت و کار نەکات. لە مانگی ئازاری ١٩٢٣ توشی جەلتەی سێهەم هاتو ئەمجارە لە جیگادا خستیو لە قسەکردن کەوت. لە ٢١/ ١/ ١٩٢٤ جەلتەیەک لێیداو ئەمجارە بووە هۆی ژیان لەدەست دانی. جەستەی لینین مۆمیا کراو لە گۆرەپانی سور لە مۆسکۆ نێژرا. لەو رۆژەوە ساڵانە بە سەدان هەزارکەس سەردانی گۆرەپانی سوور دەکەن بۆ بینینی جەستەی مۆمیاکراوی لینین وەکو رێزێک بۆ ئەم رابەرە مەزنەی پرۆلیتاریای جیهانی.

بەرزوو بەرێزبیت یادی ئەم رابەرە مەزنەی چینی کرێکار

٢١/١/٢٠٢٣

**لەڕوانگەی کرێکاران و جەماوەری ناڕازیەوە ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی ئێستا و ئەو گێژاو و میحنەتەی کە خەڵکی کوردستان تێی کەوتوە، تەنها دەستبردنە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، کەنەک هەر دەسەڵاتی حزبەکانی وەک یەکیەتی و پارتی کۆتایی پیبهێنێ، بەڵکو سیستەمێک لەدەسەڵاتی سیاسی و ئابوری دامەزرێنێ کەخواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەکردەوە دەربهێنێ.**

# هۆکارو بنەما و ئایندەی ناکۆکیەکانی نێوان پارتی و یەکێتی

## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەوسایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب

ئۆکتۆبەر: وەکو ئاگادارن ماوەیەکە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت و تیمی یەکێتی لە حکومەت بەشداری کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران ناکەن، وەکو دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر بە مامەڵەی پارتی لەگەڵ پێگەی یەکێتی لە حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری کوردستاندا..چەند رۆژ لەمەوبەر مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت راگەیاندنێکی بڵاوکردەوەو یەکێتی بە هۆکاری کێشەکان تۆمەتبارکرد، چ بەوەی کە داهاتی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی نانێرێتەوە بۆ ناو بودجەی حکومەت و چ بەوەی تاوانبارانی تیرۆری هاوکار جاف رادەستی دادگا ناکات و چەند مەسەلەی دیکە. هەروەها هەندێ مەرج و پێشنیاری خستەڕوو بۆ چارەسەری کێشەی نێوانیان. قوباد تاڵەبانیش بە راگەیاندنێک وەڵامی مەسروری دایەوەو پارتی و مەسروربارزانی بەسەرچاوی کێشەکان ناوزەد کرد، بەوەی کە سزای سلێمانی و ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی دەدات و تاد. بەبڕوای ئێوە تا چ رادەیەک ئەم قسانەی هەردوو راستی تێدایە؟

خەسرەو سایە: بەبڕوای من لەفەزای کێشەو ناکۆکیەکانی ئێستای نێوان یەکیەتی وپارتیدا، ئەو تۆمەت و قسانەی کە هەردولا لەسەر یەکتر دەیڵێن راستن و هەردولا خەریکی ملشکاندنی یەکترن. بەتایبەتیش کە کارمانەی ئەم دوو حزبە پڕە لەتاوان و پیلانگێری بەرامبەر بەیەکتر و خەڵکی کوردستانیش ئەم راستیە باش دەزانێت. لەسەرێکیترەوە ئەزمونی چەند ساڵەی ئەم دوو حزبە و پەیوەندیەکانیان بەڕۆشنی ئەوەی نیشانداوە کە هەرجارێک بکەونە کێشەو ناکۆکیەوە، لەسەر بەرژەوەندیەکانیان، ئامادەن دەست بەرن بۆ قێزەونترین هەڵسوکەوت و پروپاگەندەو بەخشینەوەی تۆمەت لەبەرامبەر یەکدا. تەنانەت زۆرجار دەستیان بۆچەک و کوشتار بردوە. وە هەرکاتێکیش بەرژەوەندیەکانیان یەکانگیر بوبێت وەیا لەژێر فشاری دەوڵەتانی دەرەکیدا، ناچارکرابن، پەیوەندیەکانیان ئاسایی کردۆتەوەو ئینجا کەوتونەتە پیاهەڵدان بەسەر یەکتریداو وەک "براو دۆستی هەمیشەیی و هاوخەبات و هاوچارەنوس" یەکتریان پێناسەکردووە. ئێستا ئەوەی کە پارتی بەیەکیەتی دەڵێت "تۆمەتبارانی تیرۆری هاوکارجاف تەسلیم ناکات و لەسەرویاساوە مەماڵەدەکات" و "داهاتی ناوخۆ کۆناکاتەوە"، وەیان ئەوەی یەکیەتی بەپارتی دەڵێت: "ناوچەی سەوز پشتگوێ خراوەو پارتی بەیەک چاو سەیری پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجەو راپەڕین و گەرمیان ناکات" و دەستی بەسەرداهات و پەیوەندیە دەرەکیەکاندا گرتووە.. هەردولا راست دەکەن، چونکە بەرژەوەندیەکانی نێوانیان لەفەزای قەیرانگرتووی ئێستای کوردستاندا کەوتونەتە بەرامبەر بەیەکەوە و هەرلایەکیان دەیەوێت، ئەوی تریان ناچارکات بەسیاسەت و بەرژەوەندیەکانی خۆیان. بەدڵنیایەوە کاتێک بەرژەوەندیەکانی ئەم دوحزبە یەکانگیر بێت، زۆر بەسادەیی نەک هەر تۆمەتەکانیان لەسەر یەکتر دەکشێننەوە، بەڵکو ئەو تاوانانەشی کردویانە لەبەرامبەر یەکتردا، خەفەی دەکەن و باسی ناکەنەوە. ئەگەر پارتی دەڵێت یەکیەتی پەیڕەوی لەیاساکانی حکومەت ناکاو بکوژانی هاوکارجاف، رادەست ناکات ئەوا یەکیەتیش دەڵێت، ئەو کەسانەی کە لەیەکیەتی رایانکردووە داڵدەدراوە و پارتی ئیمکانات و چەکو هێزی پێداون! ئەگەر پارتی دەڵێت داهاتی یەکیەتی داهاتی ناوخۆو سنورەکان کۆناکاتەوە، یەکیەتیش دەڵێت، موچە نانێرێت و داهاتی نەوتی کوردستان هەر بۆ ناوچەکانی ژێردەسەلاتی پارتی سەرف دەکرێت.. کەوایە هەردولا بەرامبەر بەتۆمەتەکانیان راست دەکەن و هەردولا بۆ بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی خۆیان و ناچارکردنی ئەویتر کەوتونەتە بەرامبەر بەیەکەوە. دیارە لەم ناکۆکی و کێشانەشدا، ئەوە پارتیە کەدەیەوێت، خۆی بەسەر یەکیتیدا فەرزبکاو بیکاتە پاشکۆی سیاسەتەکانی و یەکیەتیش ئەمەی پێ قەبوڵ ناکرێ و بەهەردولاشیان دەیانەوێت کێشەو ناکۆکیەکانی نێوانیان بکەنە کێشەی خەڵک و مەساری ئەو نارەزایەتیەی خەڵک بۆ لای خۆیان و سیاسەتەکانیان راکێشن و دوربکەونەوە لەوەی کە لەبەرامبەر دەسەڵات و ئەزمونەکەیاندا، راوەستنەوە.

**ئۆکتۆبەر: بەڵام ئەوەی لەراگەیاندن و قسەی سەرانی یەکیەتی و پارتیدا دەردەکەوێت، ئەوەیە کەناکۆکیەکانی نێوان هەردولایان لەسەر تیرۆری هاوکار جاف، سەری هەڵداوە. بەبۆچوونی ئێوە سەرچاوەو هۆکارێکی سیاسی لە پشتی ئەم کێشانەی نێوان یەکێتیەوە چیە؟ تا چەند مەسەلەی قەیرانی دەسەڵات، دەوری وولاتانی ناوچەکە کاریگەری هەیە لەسەر ئەم بارودۆخەی نێوانیان؟**

خەسرەوسایە: ئەوە راستە کە ناکۆکیەکانی نێوان یەکیەتی و پارتی لەسەر ئەو تۆمەتانەی کە لەپرسیارەکانتاندا هەیە، تەقیوەتەوە و لەرواڵەتدا وا باسدەکەن کەکێشەکەیان ئەم بابەتانەیە، بەلام خودی ئەم کێشانە دەرهاویشتەی دۆخێکی سیاسی و ئەو ئاڵوگۆرانەیە کەلە هاوکێشەی نێوان هێزو حزبەکان چ لەسەرئاستی کوردستان و چ

لەسەرئاستی عیراقدا، ماوەیەکی زۆر پێشتر لەئێستا هاتۆتەکایەوە.

ئەگەر لەسەر ڕیشەو هۆکاری ناکۆکیەکانی ئێستای نیوان یەکیەتی و پارتی قسەبکەین، سەرەتا دەبێ ئاماژە بەبونی قەیرانێکی سیاسی و ئابوری بکەین کە چەند ساڵە یەخەی بەو سیستەمە گرتوە کە هەردوو حزب لەکوردستاندا، سی سالە لەسەری ڕێکەوتون. قەیرانێک کەلەلایەک حکومەتی لە بێوەڵامی بەرامبەر بەمەسەلە ئابوری و سیاسیەکاندا، ڕاگرتووە و هەردولا باس لە بنبەست و بێتوانایەکەی دەکەن. لەلایەکیتریشەوە، ناڕەزایەتیەکی بەرفراوانی جەماوەری و ئەو بێدەرەتانیەی کەخەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کوردستانی تێدا ڕاگیراوە، مەترسی تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی کردۆتە ئەگەرێکی بەردەوام لەبەردەم هەردولایانداو هەردولاش کێشەیان لەسەر ئەوەیە کەچۆن ئەم دۆخە تێپەڕێنن و فەزایەکی ئارام لەبەردەم بازارو کۆمپانیاکانیادا سازبدەنەوە. لەسەرێکیتریشەوە، دۆخی کوردستان ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری دۆخی سیاسی عێراق و ئەو ململانێیەدایە کەڕەوت و ئەحزابە عێراقیەکان و هیزە میلیشیایەکانیان دەستیان داوەتێ. لەم پەیوەندەدا، هەموان ئاگادری ئەوەن کە لەئەنجامی شکستی حکومەتی عێراقدا، لایەنەکان ناچاربوون بۆ سازدانەوەی دەوڵەت، بچنە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، ئەمەش دەرگای دابەشکردنەوەی پۆستەکانی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و ڕیکەوتن لەسەر حکومەتی داهاتووی عێراقی خستەسەرپشت. کێشەکانی نیوان باڵەکانی شیعە، شێعەو سوننە، کێشەکانی ئەمانیش لەگەڵ ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد.. بەپێویست چەندین کێشەی هێنایەکایەوە. لەوانەش شکاتەکانی دادگای فیدڕاڵ، ڕیکەوتن لەسەر یاسای نەوت و گاز، بەشی هەرێم لەبودجەی عێراق، بابەتی پێشمەرگەو بەستنەوەی داهاتەکانی ناوخۆ و گومرگەکان بەحکومەتی عێراقەوە.. بەلام ئەوخاڵەی کەلەم دۆخەدا، بەرجەستەبوو ئەوەیە کە لەڕیگای هەڵبژاردنەوە کۆتایی بە"حکومەتی محاسەساتی" لەسەربنامەی دابەشبونە قەومی و تایفەگەری و میلیشیایەکان بهێنرێ و "حکومەتێکی نیشتمانی" دامەزرێت. بەتایبەتی کەڕوداوەکانی داعش، نارەزایەتیەکانی شەقام، ئەوەیان سەلماند کە حکومەتێک کە ئەمریکا بەکۆکردنەوەی دەستەوتاقمی قەومی و تایفەگەری بەناوی دیموکراسیەوە بەسەر خەڵکی عێراقدا دایسەپەند، ناتوانێ نەدۆخی کۆمەلگا رابگرێ و نەلەبەرامبەر تەوژمە دەرەکیەکاندا، خۆی رابگرێ. لەم پەیوەندەدا کێشەی نیوان رەوتی سەدر و مالیکی و تەقینەوەی ناکۆکیەکانی نیوان بالەکانی شیعە لەلایەک و کێشەی لایەنە عیراقیەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا، سەری هەڵدا. هاوکات کێشەلەسەر پۆستی سەرۆک کومار و پێگەی یەکیەتی و پارتی لەحکومەتی تازەی عیراقدا، بوە نیشانەیەک لەم دۆخە و بەدوای خۆشیدا ڕیزبەستنی ئەحزابەکان و هاوپەیمانێتی تازەی هێنایەکایەوە. لەم نێوەشدا پارتی لەگەڵ سەدرو سونەیەکان چونە هاوپەیمانێتیەکی تازەوە، یەکیەتیش لەپاڵ مالیکی و حەکیم وعامری و ئەوانیتردا ڕاوەستا و لەکەنار "چوارچیوەی هاوئاهەنگی شیعەکاندا"قەراری گرت. دواتریش هەڵگەرانەوەی مالیکی وچوارچیوەی هەماهەنگی لەیەکیەتی و سەرهەڵدانی هاوپەیمانێتی "ئیدارەی دەولەت" کەپارتی لایەنێکی بوو، تا سودانی وەک سەرۆک وەزیران لەپەرلەماندا دەنگی پێبدرێ.. هەموو ئەمانەش بەزیانی پێگەی یەکیەتی چ لەئاستی عێراق وچ لە کوردستاندا تەواوکرد..

بەدیوێکیتردا ئەوەی کەپارتی لەهەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی کورسیەکانی بەدەستهێنا، هاوکات ئەوەی کەحکومەتی تازە حکومەتیکی نیشتمانی بێ، بەپیویست جێگەی هەندێک لایەنی لەق کرد ولەحسباتی سازدانەوەی حکومەتی تازەی عیراقدا، کەوتنە لاوە. لەوانەش یەکیەتی سەرەرای هەوڵەکانی نەیتوانی پێگەی جارانی چ لەئاست عێراق و چ لەئاست کوردستاندا ڕابگرێتەوە. ئەمە فرسەتێک بوو بۆپارتی تا هەم وەک هێزی یەکەم خۆی هەڵخاو هەم کۆتایی بەوە بێنێت، کەلەگەڵ یەکیەتیدا کوردستان پێکەوە بەڕیوەبەرن. بگرە پارتی هەوڵیدا کە یەکیەتی تائاستی ئەحزابەکانی تری ئۆپۆزسیۆن بچوک بکاتەوەو وەک حزبێکی پاشکۆ بەسیاسەت و دەسەڵاتی تاقانەی خۆی جێگای پێبدات، کەدیارە یەکیەتیش ئەمەی پێ قەبوڵ نیەو کەوتە هەوڵدان بۆئەوەی بالانسی خۆی وەک حزبی دەسەلاتدارو شەریک لەگەڵ پارتیدا ڕابگرێ... بەبڕوای من ناکۆکیەکانی ئێستای نێوان ئەم دوو حزبە لەدرێژەی ئەم دۆخەدایە و ئەو تۆمەتانەشی کەبەرامبەر بەیەک دەیکەن، دەرکەوتەی ئەم دۆخەیە. بەدڵنیایشەوە ئەگەر پارتی بەڕۆڵ و پێگەی جارانی یەکیەتی قایل بێت، ئەو کێشانەی ئێستاش باسی دەکەن چارەسەر و ڕیکەوتن لەسەریان زۆر سادەیە. دیارە ئەمریکاو ئێران لەم بابەتەدا ڕۆڵیان هەیە، ئەوەتا فشارەکانی مەکگۆرک بۆسەریان هەردولایانی ناچارکردوە پەرلەمانی کوردستان لەسەر هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کۆببنەوە، لەکاتێکدا ئەم بابەتە خاڵی سەرەتای ناکۆکیەکانیان بوو، هەربۆیە نەیانتوانی هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا سازبدەن.

**ئۆکتۆبەر: بەبڕوای ئێوە سەرەنجامی ئەم کێشانە بەکوێ دەگەن؟ ئایا دەگەن بەوەی کە حکومەتی هەرێم وەکو حکومەتێکی هاوبەشیان نەمێنێ و هەر هێزە بەشێوەی لامەرکەزی لەگەڵ عێراقدا پەیوەندی سیاسی و ئیداری و یاسایی خۆیان ڕێک بخەن، وەکو ئەوەی زۆرجار یەکێتی وەکو هەرەشەو فشار باسی دەکات. واتە ئەوەی کە**

**ئەوان ناچاردەبن ئەگەر پارتی هەر سەربابدات لە داواکاریەکانی یەکێتی، ناچارن لەگەڵ بەغدا رێک بکەون و پەیوەست ببنەوە بە ناوەندەوە؟**

خەسرەوسایە: با لەپێشدا ئەوە بڵێم کە هەڕەشەکانی یەکیەتی لەزمانی باڤێل تاڵەبانیەوە بۆسەر پارتی ئەنجامێکی ئەوتۆی بەدواوە نابێت وزیاتر بۆ ڕاگرتنی ڕیزەکانی حزبەکەی و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکە، چونکە یەکیەتی لە بێئاسۆیی وتەنگانەیەکی سیاسی هەمەلایەنەدا قەراری گرتووە. لەبارەی ڕێکەوتنیش لەگەڵ بەغدا، لەئیستادا ئەوە حوکم دەکات، کەستراتیژی هەموو حزبەکان بەدەسەلات و ئۆپۆزسیۆنەوە، لەسەر گەرانەوە بۆ بەغدا ڕاوەستاوە و هەمویان هەوڵ دەدەن پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ حکومەت و لایەنە عێراقیەکان تائەو ئاستە بەرن کەپێگەیەکی خوازراویان پێبدەن.

بەلام ئەوەی کە ئەم دۆخە بۆکوێ دەچێت، بەبڕوای من ڕۆڵی هێزە ئیقلیمیەکان، بەتایبەتیش ئەمریکا وئێران، فاکتۆرێکی کاریگەرە. ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەمریکاو ئێران بەجیا لەو ناکۆکیانەی هەیانە هەردولایان، لەسەرئەوە کۆکن کە دۆخی عێراق و کوردستان ئارام بکەنەوەو بوارێک بۆ بازاڕی کۆمپانیاکانیان و سەرمایەگوزاری زامن بکەن. هاتنەکەی مەگۆرک بۆ عێراق و کوردستان، کە هاوکات بوو لەگەڵ هاتنی سەرانی ئێرانی، بەڕۆشنی ئەم ڕاستیەمان پێدەڵیت و هەردولاش هەوڵدەدەن فشار بخەنە سەر لایەنەکان، لەوانەش یەکیەتی و پارتی تا هەم ناکۆکیەکانیان یەکلایی بکەنەوە و هەم لەگەڵ بەغدا ڕێکبکەون. چونکە ئەمریکاو ئێران دەزانن هەم حکومەتەکەی سودانی بەو دۆخە ناجیگیریەوە کەهەیەتی، ناتوانێ بەرگەبگرێ و لەبەردەم هەڵوەشانەوەدایە، هەم دۆخی کوردستانیش دوای سی ساڵ لەحوکمڕانی، ژیانی خەڵک لەوپەڕی بێدەرەتانیدایە و ئەگەری هاتنەمەیدانی فراوانی خەڵکی نارازی کردۆتە ئەگەرێکی ڕۆژ.. لەدۆخێکی ئاوادا پارتی لەژێر گوشارەکانی ئەمریکادا، ناچارە بەدەستهەڵگرتن لەو یاریەی کە لەگەڵ یەکیەتی و لایەنەکانی تری کوردستاندا دەیکات سەبارەت بەوەی کە بەڵین دەدات بە کۆبوونەوەو دانوسان لەگەڵ یەکیەتی و حزبەکانداو کەچی بەکردەوە دەستی بۆنابات.. بۆیە دەبێت هەرچۆن بووە چارەیەک بۆ ناکۆکیەکانی لەگەڵ یەکیەتی دا بدۆزیتەوەو ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بووە دۆخەکە هێوربکاتەوە. خودی ئەوەی کەلەم ڕۆژانەدا بڕیاریان داوە پەرلەمان کۆبێتەوەو یاسای هەڵبژاردن وکۆمسیۆن کارابکەنەوە، نیشانیەکی سەرەتاییە، کەپارتی و یەکیەتی لەژیر فشاری ئەمریکادا، خەریکن ناکۆکیەکانیان هێوربکەنەوە. ئەوەش بڵێم کە سەرەڕای ئاستی ناکۆکیەکانی نێوان یەکیەتی و پارتی، بەلام بەحوکمی تێکەڵبوونی بەرژەوەندیە ئابوریەکانی ئەم دوو حیزبەو کۆمەڵەی ئەو کۆمپانیایانەی کەخەریکی کۆکردنەوەی داهات وتالانی و گیرفان پڕکردنن لەناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکتردا، مەحاڵە کێشەکانی ئێستایان بەرەو شەڕو پێکدادانێکی وابڕوات کەدۆخەکە لەدەستیان دەرچێت.

**ئۆکتۆبەر: بەبڕوای ئێوە بەرامبەر بەم ببنەستە سیاسی و حکومەتیە و ئەم سەرگەردانیە سیاسیەی روبەرووی کوردستان بوەتەوەو هەروەها بەرامبەر بە دۆخی ژیان و گوزەران و ئایندەی خەڵک، دەبێ خەڵک چی بکات و چۆن ئەم بارودۆخە تێپەڕێنێ؟ بنەماکان و ئیمکاناتەکان چین و دەبێ چی بکرێ؟**

خەسرەو سایە: دەرچون لەم بنبەست و سەرگەردانیەی کە بەرۆکی بەخەڵک و کۆمەڵگای کوردستان گرتووە، هەرئەوەیەکە کۆتایی بەو دەسەڵات و سیستەمەی کەسی ساڵە ژیانی خەڵکی کوردستان دەهاڕی، بهێنرێت و کوردستان بەرەو دەولەتێکی سەربەخۆ و نیزامێکی سیاسی وئابوری واببرێت کەلەلایەن جەماوەر خۆیانەوە بەڕیوەببرێ و کۆمەلگا لەهەموو بوارەکاندا بەدەستەوە بگرن وبەڕیوەی بەرن. بەتایبەتی تاکاتێک کەدەسەڵات و حکومەت لەعێراقدا بەدەست دەستەو تاقمی قەومی و ئاینی و تایفەگەری و میلیشیاکانیانەوە بێت. گەرانەوە بۆ بەغدا کەهەموو حزبەکان هیوای خۆیانیان پیوەگرێداوە، جگە لە ڕاکێشانی ژیانی خەڵکی کوردستان بۆ ناو زەلکاوێک کە لایەنە شیعی و سونی و میلیشایاکان بەپشتیوانی ئیران و ئەمریکاو دەولەتانی ناوچەکە دروستیان کردوە هیچ جۆرە باشبونێکی بەدواوەنابێت.

ئەوەشی خەڵک دەبێ چی بکات لەم دۆخەدا، لەپێشەوە، ڕیزی خۆیان لە سیاسەت و پروپاگەندەی حزبەکان چ ئەوانەی لەدەسەلاتدان و چ ئەوانەشی بەخۆیان دەڵین ئۆپۆزسیۆن جیابکەنەوەو وەک ڕیزێکی چینایەتی سەربەخۆ پێبنێنە مەیدانەوە. هاوکات نابێ هێج چاوەڕوانیان لە بانگەشەی حزبەکان بۆ گەرانەوە و ڕیکەوتن لەگەڵ بەغدادا هەبێ، چونکە پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا، بەڕیکەوتن بێت وەیا بەوجۆرەی ئێستا هەیە، تاقیکراوەتەوەو خەڵکی کوردستان هیچ قازانج و دەستکەوتێکیان جگە لەگرانی، بێکاری و نەمانی خزمەتگوزاریەکان و ئەو دڵەڕاوکییەی کەهەیان بووە، نەچنیوەتەوە. لەیەک وتەدا بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و لاوان و ژنان و کارمەندو مامۆستاو.. تەنها ئەو ئیمکان و هێزەیە کە ئەگەر بەشیوەیەکی یەکگرتوو فراوان و بەئاسۆیەکی شۆڕشگێرانەوە، بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەلاتی ئێستا و گورانکاری ڕیشەیی پێ بنێتەمەیدانەوە، دەتوانێ ئەم دۆخە بەقازانجی خەڵک یەکلابکاتەوە و سیستەمێک دامەزرێنی کەنەک کوردستان لەو گێژاوەی ئیستا دەرکێشێ، بەڵکو خواستەکانی ئێستایان کەبۆ نان و کارو مەعیشەت و ئازادیە بەباشترین شێوە زامن بکات.

★

# خۆپیشاندانی خەڵکی پێنجوێن شایستەی پشتیوانیە!

ماوەی چوار رۆژە خەڵکی شارۆچکەی پێنجوێن دژی کەمکردنەوەی کاژێرەکانی پێدانی کارەباو دابەشنەکردنی سوتەمەنی پێویست، دەستیان داوەتە خۆپیشاندان و شەوانیش لەگەرمای ژێر سفردا لەناو خێمەو لەسەر شەقام درێژە بە نارەزایەتیەکەیان دەدەن، وەکو نیشانەی پێداگری لەسەر خواستەکانیان ئامادەنین بەشەوو رۆژ شەقام چۆڵ بکەن.

خۆپیشاندەران دەڵێن شارۆچکەکەیان دوو مەرزی سەرەکی لەسەرە کە مانگانە سەدان ملیۆن دۆلار داهات بۆ حکومەت و دەسەلاتداران دەستەبەر دەکات، بەلام لەلایەن حکومەتەوە پەراوێزخراون و کەمترین خزمەتگوزاریان پێشکەش کراوە. هەروەها لەکاتێکدا شارۆچکەکە ساردترین ناوچەی کوردستانە، بەلام سوتەمەنی پێویستیان بەنرخی گونجاو بۆ دابین ناکرێ و سەدان خێزانی زەحمەتکێش و کەمدەرامەت بەهۆی سەرماوە هەڵدەلەرزن و تەنانەت سوتەمەنی پێویست بۆ خوێندنگاکان دەستەبەر نەکراوەو منالان دەبێ لەسەر پۆلی ساردو سردا بخوێنن!

لەپاڵ بەشداری فراوانی خەڵکدا لە خۆپیشاندان و هەروەها مانەوەی شەوانەی سەدان گەنج لەناو خێمەکاندا، دوکاندار و کاسبکارەکانیش دەرگای دوکانەکانیان داخستووەو بەوجۆرە سەرجەم دانیشتیوانی شارۆچکەکە لە مانگرتنی گشتیدان. خۆپیشاندەران رایانگەیاندووە کە تا جێبەجێبوونی خواستەکانیان ئامادەنین کۆتایی بە خۆپیشاندان و مانگرتنەکەیان بهێنن. رۆژانەش لەنێوان نوێنەران و رێکخەرانی خۆپیشاندەراندا سەبارەت بە ئامانجەکان و چۆنیەتی



بەرەوپێشبردن و بەردەوام بوونی نارەزایەتیەکەیان و گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتدا گفتوگۆ دەکرێت و لەلایەن جەماوەرەوە بریار لەسەر هەنگاوەکان دەدرێت و نەریتی کۆبونەوەی گشتی بوەتە نەریتێکی جێکەوتووی خەڵکی نارازی شارۆچکەکە.

ئێمە لە کۆمیتەی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان پشتیوانی بێدریغی خۆمان بۆ نارەزایەتی و خواستەکانی دانیشتوانی شارۆچکەی پێنجوێن رادەگەیەنین و بە ئەرکی حکومەت و دەسەلاتدارانی دەزانین کە دەستبەجێ و بێ ئەملاولا خواستەکانیان لە دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاژێری و دابەشکردنی نەوت و سوتەمەنی پێویست جێبەجێ بکات. هاوکات داواش لە خەڵکی نارازی شارەکانی دیکەی کوردستان دەکەین کە پشتیوانی لە خواستی رەوای خەڵکی پێنجوێن بکەن و خۆشیان سود لەئەزمونی خەڵکی پێنجوێن وەربگرن بۆ داواکردنی خواستەکانیان و ناچارکردنی دەسەلاتداران بە جێنبەجێکردنیان..پەیامیشمان بۆ خەڵکی شارۆچکەی پێنجوێن و خۆپیشاندەران ئەوەیە کە رێگانەدەن هیچ هێزو لایەنێک لە بەرژەوەندی سیاسی خۆی نارەزایەتی و خەبات وماندووبوونیان بەکاربهێنێ، چونکە ئەزمونی رابردوو ئەوەی نیشانداوە کە کۆمەڵێک هێزی سیاسی بەناو ئۆپۆزیسیۆن تەنها هەوڵیان ئەوە بووە لەسەر حسابی رەنج و خەبات و قوربانی ئەوان و خەڵکی نارازی کوردستان ژمارەی کورسیەکانی خۆیان لەپەرلەماندا زیادبکەن! ئێوە بەجیاوازیە فکری و سیاسیەکانتانەوە بۆ خواستی خزمەتگوزاری و کارەبو سوتەمەنی پێویست بەم سەرمای زستانە بەشەوو رۆژ شەقام بەرنادەن! ئەو ڕێگایەشی هەڵتان بژاردوە بۆ بەدیهێنانی خواستەکانتان رێگایەکی دروستە و ئەو شێوازەشی گرتوتەنەتەپێش بۆ بەرێوەبردنی نارەزایەتیەکەتان شێوازێکی دروست و شۆرشگێرانەیە.

**کۆمیتەی سلێمانی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**١٤ی کانونی دووەم ٢٠٢٣**

## کۆبونەوەی گشتی و بریاری دەستجەمعی خۆپیشاندەران فاکتەرێکی سەرکەوتنی نارەزایەتیەکانە!

# نهێنی سەرکەوتنی ناڕەزایەتی خەڵکی پێنجوین!

## عوسمان حاجی مارف

دەسەڵاتی زۆنی سەوز ناچارکرا وەڵام بە خواستەکانی نارەزایەتیە جەماوەریەکەی شاری پێنجوین بداتەوەو بەزوویی داواکانیان جیبەجێ بکات. ئەمەش دەستکەوت و سەرکەوتنی ئەو نارەزایەتیە جەماوەریەی خەڵکی پێنجوینە کە توانیان بە یەکریزی و یەکگرتوییان وتواناو پێداگری و پێگەی چەند رۆژەی خۆپیشاندانەکانیان، ئەم سەرکەوتنە تۆمار بکەن.

چەندین ساڵە دەسەڵاتی کوردایەتی وەها ناسراوە کە لە نموونەی ئەو جۆرە دەسەلاتانەیە بەهیچ جۆرێک ئاوڕی لە پێداویستی و خواستەکانی خەڵکی نەداوەتەوەو ناداتەوە. ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی کوردستانی بە فەرامۆشکردن و بە قەدەر سپاردووە. لەلایەک جەردەیی و گەندڵی و کەڵەکەی بێشوماری سەرمایە، خەسڵەتی بێپەردەی تایبەتی سەران و لێپرسراوانی هەردوو حزبی پارتی و یەکێتیە. لەلایەکی تریشەوە داسەپاندنی نەبوونی خزمەتگوزاری و ویرانکاری و نائاسودەیی و هەژارکردنی زیاتری کرێکاران و زەحمەتکێشان شێوازی بەرێوەبردنی کۆمەڵگەیانە.

ئەوەی جێگای سەرنجە بەدوای هێنانوبردنێکی کورتماوە، پەیمانیاندا وەڵام بە خواستەکانی خەڵکی پێنجوین بدەنەوە. لە ئاکامادا بێ گێرمەوکێشە خواستەکانیان جێبەجێکردن.

ئاخۆ نهێنی جیاوازی لە نێوان وەڵامدانەوە بە خواستەکانی خەڵکی نارازی پێنجوین و وەڵام نەدانەوەو فەرامۆشکردنی تەواوی خواستەکانی چەند ساڵەی نارەزایەتیەکانی فەرمانبەران و مامۆستایان و کرێکارانی ژینەگەپارێزو خاوەن پێداویستی تایبەت..هتد دەبێت چی بێت؟

ئایا ئەم هەنگاوە پەشیمانی و ئامادەیی و دڵ نەرم بونە لەبەرامبەر گوزەرانی خەڵک، یا بەرژەوەندیەکی ترو ناچاریەکی تر لە پشتی ئەم کردارەوەیە؟ گەر دڵ نەرم بون بێت، دەکرێ پێشبینی ئەوە بکەین چاوەروانی ئاڵوگۆڕ لە مانای بەرنامەی چاکسازیدا وەها ببینین کە بیردەکەنەوەو خەریکن هەوڵ ئەدەن ژیانی ئەو خەڵکە بەرەو باشی و ئاسودەیی و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان دەبەن؟ بەلام نیشانەکانی مامەڵەی پارتی و یەکێتی لە کێشمەکێشە سیاسیەکانی نێوان خۆیانداو بەرنامەرێزی بۆ ئاییندەیەک لە کوردستاندا و لە بەرامبەر پێداویستیە سەرەتایی و گرنگەکانی خەڵکی کوردستاندا، لەسەر هەمان رێچکەی پێشویان و بە چرتر خەریکی زیاتر لەجەردەیی و گەندەڵی و کەڵەکەی زیاتری سەرمایەن و ئایندەی کوردستانیشیان سپاردووە بەقەدەری هەلومەرجێکی نادیارو جەنجاڵ لە بونی دەخالەت و کێشمەکێشی نێوان وولاتانی زلهێزی دنیاو ناوچەکەو ناکۆکی خۆیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا.

واتە ناسینەوەی ئەو نهێنیەی کە زۆنی سەوز بەدەنگ خواستەکانی خەڵکی پێنجوینەوە هات و داواکانی بۆ جێبەجێ کردن، دەتوانین بلێین ئاکامی چۆنیەتی پێگەی ئەو نارەزایەتیە جەماوەریە بوو کە توانی سەرانی یەکێتی ملکەچ بە خواستەکانیان بکات. شێوازو چۆنیەتی ئەم نارەزایەتیە لەوەدایە هێزو توانای خۆی نیشاندان کە توانیان قۆرتمی بەرژەوەندی ئابوری سەرانی یەکێتی بگرن. گرتن و داخستنی خاڵی سنوری گومرگی باشماخ و سەیرانبەن مانای راگرتن و زیان گەیاندن بەسەرچاوەیەکی دارایی گەورەی یەکێتی. بۆ ئەمەش ریزێکی بەرین و بەرچاوی جەماوەری نارازی پێنجوین هاتنە مەیدان و بەو کارە هەستان، هەر بۆیە لە وەلامدانەوە بە خواستەکانیان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. واتە دەسەلاتی زۆنی سەوز لە ناچاری بۆ پاراستنی سەرچاوەیەکی دارایی کە پراوپرە لە مامەڵەی دزی و گەندەڵی، سەرشۆری و ملکەچی نواندوە، نەک لە بە تەنگ هاتنیەوەیە بۆ پێداویستی و خواستەکانی خەڵکی پێنجوین.

ئەم جۆرە لە نارەزایەتی پێویستە ببێتە تاقیکردنەوە و ئەزمونی تەواوی نارەزایەتیەکان و خەڵکی بزانن چۆن شادەماری سەرچاوە داراییەکانی دەسەلات دەگرن و ئاستی پێگەی نارەزایەتیەکانیان بەرز رادەگرن. چۆن ئەتوانن دەسەلاتداران ناچار بە خۆبەدەستەوەدان بۆ داواکاریەکانیان بکەن. لە مەش گرنگتر پێویستە لە هەنگاوەکانی دواترو داهاتودا خەڵکی نارازی ئامادەیی و خۆرێکخستنی بگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە جگە لە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە داراییەکان، بەرێوەبردنی بودجە بەندیەکان لە داهات و خەرجی بخەنە ژێردەستی رێکخراوە جەماوەریەکانی خۆیانەوە.

★

**دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاژێری و سوتەمەنی پێویست بۆ خۆگەرمکردنەوە بەخۆڕایی مافێکی سەرەتایی خەڵکی کوردستانە!**